http://dx.doi.org/10.26750/jru.1004

# پەیوەندییەکانی میرنشینی سۆران و سنجاقی کۆیە
# لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی میر محەمەدی ڕواندزی دا

د. ئامانج احمد مصطفى
زانکۆی سۆران
فاکەڵتی ئاداب

## پیشەکی

میژووی کورد بە هەموو رەهەندە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریەکانییەوە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بەندبووە بە میژووی میرنشینەکانەوە، کە ئەوانیش راستەوخۆ کەوتبوونە ژیرهەژموونی هەردوو زلهیزی ناوچەکەوە (ئێران و عوسمانی) ، میرنشینی سۆران یکیك بووە لە میرنشینە دیرینەکانی باشووری کوردستان، کە بە ناوچەی نیوانی هەردوو زێی گەورەو زێی بچووك ناسراوە، کە لە سەردەمی دەسەلاتداریەتی دوا میری میرنشینەکە میر محەمەد دا ناسراو بە (میری کۆرە ) سنوورەکانی زۆرفراوان بووەو وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ حوکمرانی کردووە ، گرینگی و بایەخێکی زوری لە میژووی کوردا هەیە ، کەوای کردووە تویژینەوەو لیکولینەوەی جیاوازو بیروڕای جوراوجوری لەسەر هەبیت و بەردەوام بابەتی نوێی لەسەر بنووسریت.

ئەم میرنشینە میژووەکەی زۆر کۆنترە لە رۆژانی دەسەڵاتدارییەتی میر محەمەدی ڕواندزی کە بەدەیان میر لە بنەماڵەی سۆران لە پایتەختەکانی ئەم میرنشینیە: (خەلیفان، هەریر، هەولیر، ڕواندز) فەرمانرەواییان بەجیهیناوەو بوونەتە مەترسیەکی زۆر گەورە بۆ هەردوو دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا،کە میر محەمەدی ڕواندزی نموونەی ئەو دەسەلاتە بەهیزە بووە . بیگومان میر محەمەد بەتەنها نەیتوانیوە ئەوهەموو فراوانخوازیانە بۆ میرنشینەکەی دەستەبەربکات ئەگەر بونی هیزو هاوکاری سەرۆك هۆزو دەسەڵاتدارانی دەوروپشتی میرنشینی سۆران نەبوایە، بۆ نموونە (حاجی بەکر ئاغای حەوێزی) ناسراو بە (قاصید) کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە سەرکەوتنەکانی میر بەسەر نەیارانی بەتایبەتی لە کاتی هێرشەکەی دا بۆ سەر میرنشینی بادینان.

ئامانجی ئەم تویژینەوەیە بریتییە لە خستنە ڕووی پەیوەندییەکانی میرنشینی سۆران و سنجەقی کۆیە لە سەردەمی میر محەمەدی ڕواندزی دا،کە (حاجی بەکر ئاغای حەویزی) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پەیوەندیانەدا.

توێژینەوەکە پیکهاتووە لە سێ تەوەرەی سەرەکی، کە هەر تەوەرەش چەند بابەتێك لە خۆدەگرێت جگە لە دەرەنجام و پەراویز و لیستی سەرچاوەکان. تەوەرەی یەکەم( کورتەیەك لە مێژووی فراوانخوازییەکانی میر محەمەدی ڕواندزی ) باس لە دەسەڵات وەرگرتنی میر محەمەدی ڕواندزی دەکات، کە چۆن توانیویەتی بەرەنگاری نەیارەکانی بیتەوە و دەسەڵاتەکەی بەهیز بکات و لە شکرێکی ئازا دروست بکات و بەرامبەر بە نەیارەکانی بوەستێت. تەوەرەی دوەمییش بە ناونیشانی( ڕۆڵی کۆی یەکان لە بەهێزکردنی دەسەڵاتی میرنشینی سۆران) باس لە دووبابەت دەکات، یەکەمیان پەیوەندییەکانی کۆیە و میرنشینی سۆران ڕووندەکاتەوە، بابەتی دووەمیش باس لە هێرشی میر محەمەد دەکات بۆ سەر میرنشینی بادینان بە یارمەتی لەشکری کۆی یان، تەوەری سێیەمیش گرینگی و زانیاری نوێ دەخاتە ڕوو بە ناونیشانی(پەیوەندییەکانی میرنشینی سۆران و سنجاقی کۆیە لە سەردەمی میر محەمەدی ڕواندزی دا) باس لە بەشداریکردنی لەشکری کۆی یان دەکات لە هێرشەکەی میر محەمەد بۆ سەر ئێزدییەکانی شەنگال ورۆڵی (حاجی بەکر ئاغای حەوێزی) وەك سەردارو گەورەی کۆییان لەو پەیوەندیانەدا لە لایەك ، ستایشی ئەو کەسایەتییە وەك شاعیرێك بۆ محەمەمەد پاشای ڕواندزی لە سەرکەوتنەکانیدا بەسەر دوژمنانەدا لە لایەکی ترەوە.

گرینگترین ئەو سەرچاوانەی کە لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە دا سوودیان لێوەرگیراوە، برییتی بوون لە: (شەرەفنامە) ی ( شەرەفخانی بەدلیسی) کەوەك یەکەمین سەرچاوە کە باس لە میرنشینی سۆران دەکات، وە پەرتوکی ( الایزیدیە ) کە نوسەرەکەی (سەدیق دەمەلوجی)یە زۆر باش باسی هیرشەکەی میری کۆرە دەکات بۆ سەر ئێزدییەکانی بادینان و چۆنیتی کوشتنی میری ئیزدیان . وە (کوردەکانی ئیمپراتورییەتی عوسمانی) کە (جەلیلی جەلیل )نووسیویەتی وباس لە میژووی میرنیشینە کوردییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکات، کتیبی (الامیر الکوردی میر محمد الرواندزی) ی (جمال نەبەز)کە باس لە میژووی میرنشینی سۆران بە دریژی دەکات، کە گرینگترین تویژینەوەیە کە تاکو ئیستا لە سەر میرنیشینی سۆران لە سەردەمی میر محەمەد کراوە، ئەمەو زۆر لە سەرچاوەی تر وەك (کۆیە لە ڕەوشی شارستانییەتدا) کە کومەڵێك نوسەر دایاناوە باس لە مێژووی پەیدابوونی پەیوەندییەکانی نیوان میرنشینی سۆران و کۆیە دەکات. هەروەها کتێبی (مێژووی کۆیە) کە لە لایەن نووسەر (تاهیر ئەحمەد حەوێزی ) وە نووسراوە باس لە مێژووی دروستبوونی شاری کۆیە وسەرەتاکانی هاتنی لەشکری سۆرانیان دەکات بۆ کۆیە ئەمە جگە لە( مێژووی میرانی سۆران) کە حوسێن حوزنی موکریانی نووسیویەتی باس لە چۆنیەتی گرتنە دەسەڵاتی میری کۆرە دەکات و سوودی زۆری هەبووە بۆ توێژینەوەکەم.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## تەوەرەی یەکەم: کورتەیەك لە مێژووی فراوانخوازییەکانی میر مەحەمەدی ڕواندزی

### سەرەتای گەیشتنی میر محمد بە دەسەڵات (١٨١٣-١٨٣٦)

میر محەمەد ناسراو بە (میری کۆرە)، کوڕی مستەفا بەگی کوڕی ئۆغزبەگی کوڕی ئەحمەدبەگی کوڕی ئۆغزبەگی گەورەیە [١]، لە ساڵی ١٧٨٤ز لە ڕەواندز هاتۆتە دونیاوە[٢] یەکێك بووە لە میرە دیار و بەناوبانگەکانی میرنشینی سۆران[٣] و دواترین میریش بووە[٤] ولەلای زانای ئایینی (مەلا ئەحمەد ئیبنو ئادەم) خوێندویەتی لە گوندی دێڵزێ[٥]، دایکی ناوی (بووك شازەمان) بووە کە ژنێکی دانا و لێهاتوو تێگەیشتوو بووە[٦]، میر مەحەمەد کچی باییز بەگی مامی هیناوەو بۆتە هاوسەری ژیانی[٧].

میر محەمەد لەو کاتەی باوکی دەسەڵاتی میرنشینی سۆرانی بە دەستەوە بووە، بەڕێوەبردنی ناوچەکانی (جۆلەمێرگ و دۆڵی گەرەوان و دۆڵی هەروتیان و سەرچیا و سرێشمە و بیاو)ی پێسپێردراوە کە حوکمیان بکات[٨]، بەڵام دواتر لەبەر بەردەوام بوونی ناکۆکی نێوان مستەفا بەگی باوکی و مامەکانی (تەمەر خان و یەحیا بەگ) لەسەر دەسەڵات تا دەهات زیاتر دەبوو، ئاژاوە و نائارامی میرنشینەکە و پایەختەکەی لە گوزەرانی ژیانێکی ئاسایی تۆراند بوو، خەڵکەکەشی تەواو بێزار ببون بە دەستی ئەم بارودۆخە ناهەموارەوە هەرچەندە مستەفا بەگ زۆر هەوڵی ئەدا ڕەوشەکە ئارام بکاتەوە، بەڵام هەوڵەکانی بێسوود بوون و دەرئەنجامیان نەبوو[٩]، چونکە براکانی مستەفا بەگ بەردەوام لە پلانگێڕی دابوون و ئەستەمیان دروستکردبوو لەبەردەم مستەفا بەگدا و هەوڵیاندەدا لە دەسەڵاتی لابەرن و کەسایەتی لەکەدار بکەن و کار گەیشتە ئەوەی کە بازاری میرنشینی سۆران تاڵان بکرێت و ڕێگا لە کاروانە بازرگانیەکانیان بگیرێت کە دێن بۆ میرنشینەکە بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکانیان لە ناوچەکانی دوور و نزیکیەوە[١٠]. بۆیە مستەفا بەگ لە بەڕیوە بردنی میرنشینەکە تەواو بێزار ببوو، بی هیوا بوو کە بتوانێت بێ کێشە لەگەڵ براکانی گوزەران بکات، بیری لە ڕێگا چارەیەك دەکردەوە بۆ ئەوەی میرنشینەکەی ڕابگرێت و پارێزگاری لێبکات، بۆیە لێهاتوویی و ئازایەتی و خۆڕاگری (میر محەمەد)ی کوڕی بۆ دەرکەوتبوو کە پاش خۆی دەتوانێ فەرمانڕەوایی میرنشینەکە بکات و ئەو ڕەوشە ناهەموارە ڕاستبکاتەوە، بە ئامادە بوونی کەسایەتیەکانی ڕەواندز و سەرۆك هۆز و پیاو ماقولانی میرنشینەکەی و کوڕەکانی (ڕەسول بەگ، ئەحمەد بەگ، سلێمان بەگ) و براکانی (باییز بەگ و حەسەن بەگ و حوسێن بەگ)، بانگی میر محەمەدی کرد و ویستی میرایەتی سۆرانی پێبدات [١١].

بەڵام میر محەمەد بۆ ڕادەستکردنی دەسەڵات لەلایەن باوکیەوە چەند مەرجێکی هەبوو،وەك:پیدانی بڕە پارەیەك لە لایەن باوك و دایکییەوە و دەستوەرنەدانی باوکی لە کارو باری میرنشینەکە و چوونیان بۆ گوندی (ئاکۆیان) بۆ نیشتەجێ بوون[١٢]. سەرەتا باوکی بەو مەرجانەی میر محەمەد ڕازی نەبوو، دەترسا لە گیانی براکانی و داوای لە میر محەمەد کرد کە بگەڕێتەوە بۆگوندی جۆلەمێرگ، بەڵام هەرزوو ڕای گۆڕا و بۆ ساڵی دواتر تووڕەیی زۆری بۆ هێنا و بە مەرجەکانی کوڕەکەی ڕازی بوو کلیلی سەندوقی پارە و قەڵاکەی پێشکەش بە میر محەمەد کرد[١٣]، ئەمە جگە لەوەی کە نەخۆشی و پیری بەیەکجاری ببوونە یاوەری[١٤].

هاتنی (میر کۆرە) بۆ سەر دەسەڵات لە( ١٨١٣ ز)و هەوڵەکانی وایکرد زوو میرنشینەکەی ڕزگار بکات لە کێشە ناوخۆییەکان و ئەمەش پێویستی بە گۆڕانکاری و هەنگاوی باشی هەبوو لە پێناوی بەهێز کردنی دەسەڵاتەکەی، سەرەتا تەواوی کاربەدەستانی پایەختی گۆری و دەستی کرد بە ڕێکخستنی هەموو سەرۆك هۆز و دەرەبەگ و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پیاوە ئایینیەکانی میرنشینەکەی و بەهێز کردنی بۆ پاڵپشتی خۆی کە دەرەنجامەکەی نیگەرانی و یاخی بوونی زیاتری مامەکانی (تەمەر خان و یەحیا بەگ)ی لێکەوتەوە کە نەیاندەویست دان بە دەسەڵاتەکەی دابنێن[15] و بەربەرەکانیان دەکرد. بۆیە میر خۆی ئامادە کرد بۆ هێرش کردنە سەریان، سەرەتا هێرشی کردە سەر تەمەر خانی مامی لە گوندی (هاودیان)[16] لە ساڵی ١٨١٥ کە نەیتوانی پارێزگاری لە خۆی بکات و هەڵات بەرەو قەڵای (شێتنە)و خۆی قایم کرد و شەڕ و کوشتارێکی زۆر ڕووی دا و میر زۆر بە زەحمەت توانی قەڵاکە بگرێت لەبەر سەختی و دژواری شوێنەکەی. لە کۆتایی تەمەر خان و محەممەد بەگی کوڕی بە دیل گیران و ڕەوانەی ڕەواندز کران و بەفەرمانی میر محەممەد سزای خنکانیان بەسەردا سەپێندرا[17]. دوای ئەو سەرکەوتنە میر محەمەد بە هێز و سوپایەکی زۆرەوە ڕوویکردە گوندی (ڕوستێ)[18] کە یەحیا بەگی مامی خۆی تێدا حەشار دابوو، لە ڕێگای میری ڕوستی وە ئاگادارکرانەوە کە خۆ بە دەستەوە بدەن، بەڵام ئەوان بەومەرجانە رازی نەبوون و دانیان بە دەسەڵاتی میر محەمەد نەهێناو بەردەوامبوون لە شەڕکردن[19].

میر محەمەد هێرشەکەی دەست پێکردو کە زۆر بە توندی بەرگریان لەخۆیان دەکرد و هێزی میر محەمەد لەسەرتادا شکستی خوارد و نەیتوانی زاڵبێت بەسەریان ، هێزەکەی کشاندەوە دواوە و دواتر پاش سێ جار هێرش بردن بەسەرکردایەتی (ئەحمەد چاوەش)[20] توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت و ڕوستێ بگرێت و یەحیا بەگ هەڵات بۆ ناوچەی سیدەکان و پاش شەڕێکی خوێناوی کە دوو ڕۆژی خایاند ئەمجارەیان یەحیا بەگ شکا و خۆی دا بەدەستەوە دوای بەندکردنی بۆ ماوەیەك ئەویش فەرمانی کوشتنی لە (١٢ شباتی ١٨١٥ز) بۆ دەرکرا[21].

دوای سەرکەوتنی میر محەمەد بەسەر مامەکانی ، بڕیاری دا کە ناوچەکانی دەورو پشتی میرنشینەکەی پاك بکاتەوە لەدەست نەیارەکانی کە کێشەی زۆریان بۆ دروست کرد بوو، ئەوەبوو توانی هێرش بکاتە سەر مەحمود بەگی کوڕی سەلیم خان سەرداری برادۆست لە قەڵای (هەرکێلا)و توانی لە ڕێگای فروفێڵەوە داگیری بکات و هیزی زیاتری نارد بۆ سەر حەسەن بەگ کە سەرداری ناوچەکە بوو لە قەڵای (سەردالً) لە برادۆست ئەویشی داگیر کرد و ئینجا خۆی کۆکردەوە و هێرشی بردە سەر مەرگەوەر و شنۆ لە قەڵای (کاکلا) و خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[22]. بەم هێرشانەی میر محەمەد گرفتی ناوخۆیی نەماو دەستی کرد بە دامەزراندنی پەیکەری نوێ بۆ میرنشینەکەی و قەڵاو سەنگەری بە هێزی بە دەوری ڕەواندز دروست کرد لەگەل سێ دەروازەی بۆ شارەکە دروست کرد، بورجی بەرزی بۆ پارێزگاری لە دەروازەکان و کۆمیتەیەکی شەش کەسی پێکهینا (کۆمیتەی سەرداران) کە میر خۆی سەرۆکی بوو[23]، ڕەسول بەگی براشی کردە سەرپەرشتیاری گشتی جەنگەکان و ئەحمەد بەگیشی بە فەرماندەی سوپا دیاری کرد[24].

میر محەمەد لەشکرێکی ڕێکوپێکی ڕاهێنراوی پێکهێنا، کە بەشێکی سوارە و ئەوانی تر پیادە بوون و تا ماوەی کۆتایی حوکومڕانیەکەی کە بە گویرەی بۆچوونی (الدملوجی ) و(فریزر) هێزی لەشکرەکەی تا ساڵی (١٨٣٥) ژمارەیان نزیکەی (٥٠٠٠٠) جەنگاوەر بووە[25]، کە لە ژێر سەرکردایەتی خۆیدا بوون و هەموو کەسێك بێ جیاوازی بەشدار بووە لە لەشکرەکەی، تەنانەت جوتیارەکانیش بەشداریان دەکرد و لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومەکان بە مووچەی سەربازییەوە کاری خۆیان دەکرد[26]، زۆربەی کات زۆر لە لەشکرەکەی دەناردە سەر کیلگەکان بۆ یارمەتی جوتیاران بۆ کۆکردنەوەی بەروبوومەکانیان.[27] هەروەك ئاماژەمان پێی کرد، لەشکرەکەی تێکەڵاو بوو لە پیاوانی هۆزی (برادۆست، باڵەك، سورچی، زراری، بلباس) ، جگە لە پیاوانی هۆزی (تەی) عەرەبی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەشتی هەولێر وهۆزی (ئە تروشی ومزووری) لە بادینان. تەواوی کەرەستەکانی چەك و تەقەمەنی وەك ئاسن لە ناوچەی خواکورك لە دەڤەری برادۆست دۆزیەوە، وەستای شارەزاشی هینا بۆ دروسکردنی ئەو چەکانە هەروەك لە (مەلیخا) کە لە لایەن سکرتیری تایبەتی میرەوە نوسراوە و ناوی دەبات[٢٨]کە وەستا ڕەجەب بووە و کارگەیەکیشی بۆ دروستکردنی ئەو چەکانە لە ڕەواندز دامەزراندووە. شیر و خەنجەر و لوولە تۆپ و گەلێك چەکی تری تێدا دروستکراوە[٢٩].

دوای ڕێکخستنی هەیکەلی ناوەوەی میرنشینەکەی لە پڕ چەککردنی لەشکرەکەی و دروسکردنی کارگەیەکی تۆپ و تەقەمەنی، میر مەحەمەد دەستی کرد بە فراوانخوازی و هێرش کردنە سەر میرنشینە کوردیەکانی دراوسێ، بە سوود وەرگرتن لە شەڕی نێوان عوسمانیەکان و ڕوسیا لەلایەك و ناکۆکی نێوان خودی میرنشینە کوردیەکان لەلایەکی ترەوە. سەرەتا لە ساڵی ١٨٢٢ز هێرشی کردە سەر شارۆچکەی (هەریر) کە یەکەم شوێنی بابانیەکان بوو میر محەمەد داگیری کرد[٣٠] کە کۆنە پایتەختی میرنشینی سۆران بوو، بە گرتنی هەریر ململانێی نێوان میرنشینی سۆران و بابان دەستی پێکرد[٣١]، دوای گرتنی هەریر میر محەمەد هۆزەکانی خۆشناوەتی و سورچیایەتی خستە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە و دواتر هێرشی کردە سەر هەولێر بەبێ بەرەنگار بوونەوە داگیری کرد و ئینجا ناوچەکانی دزەیی و ڕانیە و کۆیەی لە ساڵی (١٨٢٣ز) گرت، دواتر پردێ و کەرکوك و دوزخورماتووی گرت و ڕووباری کۆیە (زێی بچووك)ی نێوان سۆران و بابانی کردە سنوور[٣٢].

میر محەمەد بەردەوام بوو لە فراوانخوازیەکانی ڕووەو باکووری ڕۆژئاوای میرنشینی سۆران، سەرەتا هێرشی کردوتەسەر ناوچەی بادینان و کومەلکوژی دژبە ئیزیدی و کریستیانەکانی ناوچەکە ئەنجامداوە کە هۆکاری زور لەپشت ئەم هێرشانەی میری کورەوە هەبوە، لەوانە دەستگرتن بەسەر میرنشینی بادینان بۆ دەسکەوتنی داهاتی پێویست بۆ دابینکردنی خەرجی لەشکرەکەی و هەڵ وەرگرتن لە لاوازی دەسەڵاتی میرنشینی بادینان و بیزاری خەڵکی ناوچەکە لە وەرگرتنی باج و سەرانەی زورەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی میرنشینی بادینانەوە. لەشکری میر محەمەد هێرشی بەرەو زیدی ئێزدیەکان برد و بۆ ئەوەی بە زور بیانکات بە موسوڵان، سەرەتا شاری (القوش)ی لە بەهاری (١٨٣٢) گرت و دانیشتوانەکەی بەرگەیان نەگرت و هەڵاتن بەرەو شاخی (باعەدری) بۆ خۆ حەشاردان و دواتر لەشکری میر محەمەد بێ بەرهەڵستی گەیشتنە شیخان. بەم جۆرە میر محەمەد توانی میرنشینی بادینان بە ماوەیەکی کەم داگیری بکات و کوشت و کوشتارێکی زۆر دژ بە ئێزیدیەکانی شەنگالیش ئەنجام بدات[٣٣]، کە مەبەستی تەنها ئەوەبوو سنووری میرنشینەکەی پێ فراوان بکات. زۆر لە خەڵکی دوور لە دەسەڵاتی میر هیوایان خواستووە کە بچنە ژێر دەسەڵاتی میر مەحەمەد، تاکو ڕزگاریان بێت لە ژیانی پڕ زەحمەتی خۆیان کە بەهۆی باج و سەرانەی زۆری دەسەڵاتدارانی ناوچەکانەوە تووشیان هاتووە، ئەمە جگە لەوەی کە میر مەحەمەدیان وەکو پیاوێکی خاوەن شکۆ و دادپەروەر ناسیوە، کە بۆ سەقامگیری و ئارامی و باشکردنی باری ژیانی دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتەکەی پەنا دەباتە بەر هەر شێوازێك ئەگەر زۆریش دژوار بێت[٣٤]. بەڵام بەشیکی تری خەڵکی دەڤەرەکە لەسەر کارە ناڕەوایەکانی میر محەمەد دژایەتیان کردووەو نامەی ناڕەزاییان بۆ سوڵتانی عوسمانی ناردووە.

فراوان خوازیەکانی میر مەحەمەد تەواو دەنگدانەوەی زۆری هەبوو لە کوردستان و دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری و تەنانەت هێزە ئەوروپایەکانیشی هێنانە سەر ئەو باوەڕەی کە لە بەرنامە داڕێژراوەکانی خۆیان بۆ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

داهاتووی ڕۆژهەڵات زوو بکەونە خۆ لە بەرامبەر ئەو میرە کوردە تازە دەرکەوتووە، چونکە هەڕەشەی لە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانەدا دەکرد، بۆیە زوو بەرنامەڕێژیان دەست پێکرد بۆ کۆنترۆل کردنی ئەو فراوانخوازیانەی میری سۆران[٣٥].

لە ماوەی بیست و سێ ساڵی (١٨١٣-١٨٣٦)ی فەرمانڕەوایەتی میرنشینی سۆراندا لە سەردەمی میر محەمەد دا، سنوورەکانی بە زەبری هێز و گەشەکردنی باری ئابووری و تۆکمەیی لایەنی سەربازیەوە ئەوەندە فراوان بوو کە لە کوردستان تاکە دەسەڵات بوو، هەر لە ناوچەکانی لەلای باکووری ڕۆژهەڵات تاکو شنۆ بە درێژایی زێی بچووك تا دەگاتە دوزخورماتوو لە باشووری شاری کەرکوك، لە ڕۆژئاواشدا نزیك موسڵ و تەواوی ناوچەکانی میرنشینی بادینان و نزیك جەزیرە لە باکوور، هەمووی سنووری میرنشینی سۆران بوو، کە لە ڕەواندزی پایتەخت فەرمان بەسەر ئەو ناوچانەوە لەژێر چاودێری میر مەحەمەددا دەردەچوو[٣٦].

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (میری کۆرە) کە بە چاخی زێرینی میرنشینی سۆران دادەنرێت لە ڕووی دەسەڵات و ئەنجامدانی فراوانخوازی دا، کە توانی دەسەڵاتەکەی بگەیەنێتە ئەوپەڕی بەهێزی کە لە پێش خۆیدا دەسەلاتی میرنشینەکە تەنها ڕەواندز و دەورووبەری بووە بە شێوەیەکی بەرتەسك و سنوردار، هەر لە ئەنجامی ئەو زانیاریانەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە میری سۆران (میری کۆرە) هەر مەبەستی فراوانخوازی میرنشینەکە نەبووە، بەڵکو بە هیوای وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد بووە بۆ کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی و قاجاری، بەلام بەرواری ئاشکراکردنی دەوڵەتەکەی لە لای میژوو نوسان دیارنیە و رای جیاوازیان هەیە، بو نموونە میژوونوسی بەناوبانگی ڕووس (مینۆرسکی) نیوان سالانی (١٨٢٠-١٨٣٠) داناوە بو ئاشکراکردنی سەربەخویی دەولەتەکەی میری کورە وهەندیك سەرچاوەش ئاماژە بە سالی (١٨٢٦)ز دەکەن کە سالی سەرکەوتنی میری کورە بووە بەسەر محەمەد پاشای بابان لە ناوچەی سورداش[٣٧] میژوونوسی بەناوبانگی ڕووسی (ن.ا.خالفین) پیش نزیکەی نیو سەدە ئاماژەی بۆ کردووە و نوسیویەتی (میر محەمەد خواستی دامەزراندنی کوردستانیکی سەربەخوی هەبوە[٣٨] هەروەها هەندیك لە مێژوونوسان ئاماژەیان بە هەڵەکانی میری کۆرە کردووە لە دانەمەزراندنی دەوڵەتیکی سەربەخۆ، مامۆستا علائەدین سەجادی و ئەمین زەکی بەگ زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە بە دەستخستنە ناو کاروباری ئایینیەوە دەکەن و دەنووسن : ئەگەر میر محەمەد هۆشیارانە جولابایەوە ، ئەیتوانی حکومەتێکی بەهێزی سەربەخۆ دروستبکات، هەستی ئایینیش هەمیشە دەورێکی خراپی لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاری کوردا هەبووە.[٣٩]

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی کۆییەکان لە بەهێزکردنی دەسەلاتی میرنیشینی سۆران**

سنجاقی کۆیە و میرنشینی سۆران: کۆیە شارێکی دێرینی باشووری کوردوستانە، هەر لە کۆنەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی ژیانی کوردا هەبووە، لە هەر دەورو سەردەمێکدا ناوێکی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا لە ساڵی (١٠٧٠ز) کە دەسەلاتیان بەسەر کوردستاندا شکا، ناویان نا (کۆی سنجاق) چونکە لەوکاتەدا شارەکە میرنشین بووە و ئاڵاو سەربازی هەبووە و پێی گوتراوە کۆی سنجاق، واتە کۆیەی ئاڵا، یان ویلایەت و ئیالەتی (کۆیە)[٤٠]

لە پێش سەلجووقیەکانیش کۆیە ناوچەیەکی گرنگی ئێزیدیەکان بووە و شوێنەکانی وەك مەلەك مراد و مەلەك ڕەیحان لە دامێنی (چنارۆك)[٤١]دا بەلگەنە بۆ ئەم بۆچوونە و لەو کاتەدا چەند هەیکەلێکی مەلەك تاوس


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە کۆیە هەبووە و پێیان گووتوون سنجاق، لەوێوە بەسەر ناوچەکانی تری کوردستان دابەش کراوە. جا دوور نیە ئەو سنجاقە لە (کۆی سنجاق)ەوە هاتبی[٤٢]. هەرچی مێژوونووسی ناودار ئەمین زەکی بەگیشە لە (مێژووی کورد و کوردستان ) دا دەڵێ **" کاتێك حکومەتی ئەردەلان فراوان بوو لە ساڵی (٦١٧کۆچی- ١٢٢٢ز) دەسەڵاتیان پەیدا کردبوو، (کۆی) کەوتبووە ناو سنووری ڕۆژئاوای ئەو حکوومەتە کوردییەوە"**، هەروەها لە درێژەی باسکردنەکەیدا ئەمین زەکی دەڵێت **" لەکاتی فراوانبوونی دەسەڵاتی ئەردەلان، شارەکانی وەك (کۆیە) و هەولێر و ڕەواندز و ئاکرێ، مەڵبەندی حکوومەتی بچکۆڵەی نیشتیمان بوون"**[٤٣]. کەچی لە سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان سەلیمی یەکەم عوسمانیدا (١٥١٢-١٥٢٠ز)، کۆیە کرا بە ئۆردوگا و لوایەك سەربازی لێدانراوە ناوی نرا (کۆی سنجاق)، سنجاقی کۆیە سەر بە سنجاقی شارەزوور بووە لە باشوورەوە کەرکوك لە ڕۆژئاواوە هەولێر لە باکوورەوە قەزای (ڕەواندز) لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بە سەنجەقی سلێمانی دەورە دراوە.[٤٤]

کۆیە دوای نەمانی دەسەڵاتی ئەردەلان لە ( ١٥٦٢ز )کەوتە ژێر دەستی دەسەڵاتی بابانەکان و دواتریش کەوتە نێو چوارچێوەی حوکمڕانی میرنشینی سۆران، بەڵام وەك شارێکی بە قۆنگرە و شوورە و قەڵات هەتا ساڵی (١٧٣٠ز) بەگەکانی ئەو شارە کە سۆرانی بوون وە سەربەخۆیی خۆیان پاراست[٤٥]، ئەمین زەکی بەگ لە (مێژووی سولەیمانی و دەوروبەریدا)، ئاماژە بەوە دەکات کە لە چوارچێوەی میرنشینی سۆران چەند میرنشینێك سەریان هەڵداوە لەوانە میرنشینی کۆیە-کۆیسنجق[٤٦]، لەدوای نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەم، میرە سۆرانیەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە کۆیە نەگێڕاوە و نەبووە، کۆیە نیمچە سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو، ببوە بە پاشالغ و ناوچەی نشینگەی پاشایەکی کوردی سەربە ویلایەتی بەغدا بووە[٤٧]. (نیپور)ی گەریدە لە گەشتەکەیدا بۆ عێراق و کوردستان لەسەدەی هەژدە (١٧٦٦) لە بارەی کۆیەوە نوسیویەتی **" کۆیە بە دوانزە سەعات ڕێ کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی ئاڵتون کۆپری. هەتا پێش چەند ساڵێك ، واتا پێش ١٧٦٦ی مێژووی گەشتەکەی"** هەولێر و ئالتون کۆپری سەر بەو پاشالغە بوون[٤٨] واتە کۆیسنجەق.

میرە سۆرانیەکان تا ساڵی (١٧٧٨ز) حوکمڕانی کۆیەیان کردوە، دواتر بۆجارێکی تر بابانەکان شارەکەیان گرتۆتەوە تاکو ساڵی ١٨٠٥، کە عەبدولرحمان پاشای بابان ( ١٧٨٩- ١٨١٣) و کوڕەکەی محەممەد پاشا فەرمانڕەواییان تێدا کردووە، دوای ئەوانیش محەممەد پاشای ڕەواندز لە ساڵی (١٨٢٧) کۆیەی گرتووە لە میانەی سیاسەتی فراوانخوازیدا، کە توانی سنووری دەسەڵاتەکەی بگاتە کۆیە و هەولێر و ئاڵتون کۆپری تاکو(زێی بچووك) درێژ ببێتەوە و کوڕە مامەکەی (وەتمان بەگ)ی کردۆتە سەرداری شارەکە[٤٩]. کەچی (کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتیدا) کە ئەویش لە سەرچاوەی (من عمان الی العمادیە) وەرگرتووە دەڵێ: لەشکری میرنشینی سۆران بە سەرکردایەتی مەحەمەد پاشای ڕەواندز (پاشای کۆرە) کۆیەی لە ساڵی (١٢٣٩) کۆچی بەرامبەر (١٨٢٣) زایینی داگیر کرد و زێی کۆیەی کرد بە سنوورێکی سروشتی نێوان میرنشینی سۆران و بابان[٥٠]. بە بۆچوونی من ڕای یەکەمیان ڕاسترە، چوونکە ئەو کاتە میر محەمەد سوپایەکی بەهێزی دامەزراندبوو وە دەستی کردبوو بە فراوانخوای.

سەرکەوتنەکانی میر محەمەد بەسەر هەولێر و کۆیە و دەوروپشتی. بوونە هۆکاری ڕێگا خۆشکردن بۆ فراوانخوازی زیاتر، وە فەرمانی دا لە ساڵی (١٨٢٨ز) لەسەر تۆپە دروستکراوەکانی بنوسرێت: (الامیر المنصور محمد بیگ متصرف رواندوز، کویسنجق و حریر)[٥١].

**ڕۆڵی لەشکری کۆییان لە هێرشەکەی میر محەمەدی ڕواندزی بۆ سەر ئێزدییەکان**

بە گوێرەی زۆر لە نووسین و بۆچوونی مێژوونووسان ، هێرشەکەی میری کۆرە بۆ سەر ئێزدییەکانی بادینان بە خواست و ئارەزووی میری کۆرە نەبووە، بەڵکو پلانیکی داریژراوی (مەلا یەحیای مزووری)(٥٢) بووە بۆ تۆڵە سەندنەوە لە کوشتنی (عەلی ئاغای باڵەتی) سەرۆك هۆزی موزوری و خزمی مەلا یحیا، کە لەلایەن میری ئیزدییان (میر عەلی بەگ)(٥٣) ی داسنییەوە ئەنجام دراوە . میر محەمەد دەمێك بوو لە بیانوویەك دەگەڕا بۆ ئەوەی ناوچەی بادینان بخاتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی، هۆکارەکەشی بەپێی گێڕانەوەی (صەدیق دەمەلوجی)کە باسی ئەوسەرچاوانە ناکات کە پشتی پی بەستون دەڵێ: لاوازی میرەکانی بادینان لەلایەك و دەمارگیری ئایینی وای لە میر محەمەد کرووە خەڵکی شیخانی ئیزیدی کومەڵ کوژ بکا لە لایەکی ترەوە(٥٤). بەڵام بە لای من ئەو هۆکارانە تەنها بیانوو بووینە، چوونکە میری کوێرە بیرۆکەی داگیرکاری و فراوانخوازی دەمێك بوو لە مێشکدا هەبوو کە نارەزایی زۆری دانیشتوانی ناوچەکەی لێکەوتەوە. دوای ئەنجامدانی هێرشەکەی بۆ سەر بادینان لە (١٨٣٢) میری کورە دەستی گرت بەسەر شارەکانی (ئاکرێ و ئامێدی و شێخان و ئەلقۆش و دەهۆك و زاخۆ) بە هەل وەرگرتن لە ناکۆکیەکانی نێوان (ئێزدییەکان و هۆزی مزوری) هەروەك پیشتر ئاماژەم پیی کردبوو. (٥٥).

میری کۆرە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکەی بۆسەر میرنشینی بادینان داوای یارمەتی لە سەرداران و گەورە پیاوانی ناوچەکانی کۆیە و هەریر و هەولێر کردبوو، ئەوانیش زۆر زوو بەدەم بانگەوازەکەی میرەوە هاتوون(٥٦) و هێز و لەشکری خۆیان ناردبووە تەك لەشکری میر محەمەد،بە گویرەی گیرانەوەی نووسەری (مێژووی کۆیە) تاهیر ئەحمەد حەوێزی، سەرەتا میر لە هێرشەکەیدا ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت و قەڵای شەنگال بگرێت کە ئێزدییەکان خۆیان تێدا حەشار دابوو، بەڵام دواتر بە یارمەتی لەشکری کۆییەکان بە سەرکردایەتی (حاجی بەکر ئاغای حەوێزی) کە داوا لە لەشکرەکەی دەکات ئازایەتی بنوێنن و سەری بەرزکەنەوە(٥٧)، بۆیە کۆییەکان هێرش دەبەنە سەر قەڵای شەنگال و پاش ماوەیەکی کورت قەڵاکە داگیر دەکەن و ژمارەیەکی زۆر لە ئێزدییەکان دەکوژرین و ژمارەیەکیش بەرەو موسڵ هەڵدێن،سوپاکەی میری کۆرە بە مال و چەك وتالان و دیل و گیراویکی زۆرەوە ڕوەو ڕواندز گەرانەوە لە گەڵ دیلێکی زۆر کە ژمارەیان لە دە هەزار پیاو و ژن پتر بوون(٥٨) و ژمارەی دیلەکانیش (٢٠٠٠) کەس بووە لەوانە (٥٠٠) کەسیان ئافرەت دەبێت(٥٩)، هەرچی میری ئێزدییەکانیشە (عەلی بەگ) لەسەر شەرەف حاجی بەکر ئاغا خۆی دەدات بەدەستەوە و خۆی ڕادەستی لەشکری کۆییان دەکات(٦٠). بەڵام بە گویرەی بۆچوونی ( دملوجی ) علی بەگ هەڵاتووە بۆ چیای(العقر) لە سنجار، تا ئەوکاتەی لەشکرەکەی میر محەمەد دەکشێتەوە.(٦١) بەو جۆرە لەشکری میر محەمەد بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە بۆ پایتەختی میرنشینەکەی ڕەواندز و حاجی بەکر ئاغاش دەگەڕێتەوە کۆیە بە یاوەری میر عەلی بەگی داسنی بەیەخسیری، میوانی حاجی بەکر دەبێت و کچ و ژنە ئێزیدیەکانیش وەك پاداشت بەسەر سەردارەکانی هەولێر و کۆیە و هەریر دەبەخشرێن(٦٢). چونکە بەشداریەکی باشیان کردبوو لە شەڕ دژ بە ئێزیدیەکان و سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، (هێبۆ خان)(٦٣) کە دەیکردە خوشکی (میر عەلی بەگ )ی داسنی دەدرێتە سەرداری کۆیە حاجی بەکر ئاغا وە لەخۆی مارە دەکات خزمایەتیەکی باش لە نێوانیان دروست دەبێت و (هێبۆخان )دەکرێتە موسڵمان


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

و ناوی دەگۆردرێت بۆ (دایە خەجی)[٦٤] و لەو ژنەشی حاجی بەکر ئاغا تەنها کوڕێکی دەبێت بەناوی (تاهیر ئاغا)[٦٥] و کە دواتر ناوبانگی زۆر پەیدا دەکات و سەرکەوتنی باش بەدەست دێنێت لەکارەکانیدا .

هەروەك ئاماژەمان پێکرد، پاش ئەوەی عەلی بەگی داسنی خوی رادەستی حاجی بەکر ئاغا دەکات و لای ئەو دەمێنێتەوەو دەبیتە میوانی ئەو، میر محەمەدیش داوا لە حاجی بەکر ئاغا دەکات کە نیازی وایە کە ئەویش میوانداری میر عەلی بەگ بکات لە ڕەواندز، بۆیە حاجی بەکر ئاغا لە نیازی میری کۆرە تێدەگات و داوا لە میر عەلی دەکات کە مێوانداریکە قبول نەکات و زۆریش ئامۆگاری دەکات[٦٦] بەڵام لەگەڵ تێپەربوونی کات میر عەلی بەگ حاجی بەکر ئاغای حەوێزی ڕازی دەکات کە بچن بۆ میوانداری میری کۆرە لە ڕەواندز. بەرەو بارەگای میری کۆرە بەرێدەکەون و لە سەر گردی (گەردەگەرد)[٦٧] لە ڕەواندز خێوەتیان هەڵدەدەن و پاش پشوویەکی چەند ڕۆژی دەبنە مێوانی میر محەمەد (میری کۆرە)، پاش میوانداریەکی باش لە دیوەخانی میری کورە، حاجی بەکر ئاغا داوا لە عەلی بەگ دەکات کە کاتی ئەوە هاتووە کە بڕۆنەوە شوێنی خۆیان و ڕەواندز جێ بێهێڵن[٦٨]، بەڵام پاشای کۆرە قبول ناکات داوا دەکات زیاتر بمێننەوە و هەرچەندە حاجی بەکر ئاغا هەوڵدەدات میر عەلی بەگ ڕازی بکات کە بڕۆنەوە، بەڵام لە کۆتایی دا میر عەلی بەگ ڕازی دەبێ کە بۆ ماوەیەکی تر بمێنیتەوە زۆر متمانە بە میری کۆرە پەیدا دەکات. لەو ماوەیەدا میری کوێرە داوا لە عەلی بەگ دەکات کە ببێت بە موسوڵمان[٦٩]، بەڵام عەلی بەگ وەڵامی دەداتەوە کە ((مەحاڵە ببین بە موسڵمان چونکە ئەیمە خاوەنی ئایین و بیروباوەڕی تایبەت بە خۆمانین ))و بە هیچ شێوەیەك قبولی ناکات و ڕەتی دەکاتەوە[٧٠]. دەرئەنجام هەوڵەکانی میر کۆرە بێسوود دەبێت، فەرمانی خنکاندنی بۆ دەردەکات و لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی حاجی بەکر ئاغای حەوێزی بۆ کۆیە هەڵدەواسرێت[٧١]، زۆر بۆچون و گێڕانەوەی جیا جیا هەنە کە باس لە کوشتنی عەلی بەگ داسنی دەکاەن گوایە بە دەستی میر محەمەد کوژراوە[٧٢] کەچی سەرچاوەی تر هەن وەك(صديق الدملوجی) ئاماژە بە (محەمەد ئینجە بەیرقدار) والی موسڵ دەکات کە میری ئیزدیانی کوژتووە[٧٣]، بەشیکی تریشیان باس لەوە دەکەن کە گوایە لە گەلی نێوان خەلیفان و ڕەواندز هەڵواسراوە و دواتر ناوی نراوە (گەلی عەلی بەگ)، بەڵام ئەمە دوورە لە ڕاستی چونکە ناوی گەلی عەلی بەگ لە سەرەتادا بەناوی عەلی بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی شاقال بەگەوە ناونراوە[٧٤]، لە دوای خوشکەکەی (خانزاد خاتوون)[٧٥] دەسەڵاتی میرنشینی سۆران وەردەگرێت پایتەختەکەی ئەو کاتە شاری هەریر دەبێت لە ساڵی (١٥٩٨ز). دوای ئەوەی خەبەری کوشتنی عەلی بەگ دەگاتە حاجی بەکر ئاغا، زۆر نیگەران دەبێت و هەست بە نارەحەتی دەکات، چونکە لەسەر شەرەف ئەو خۆی ڕادەست کردبوو، نێردراوێك دەنێرێت بۆ لای میری کۆرە پێی ڕادەگەیەنێت کە نێوانمان تێك چوو، لەسەر ئەمە هیچی تر نەیەی بە وڵاتی ئێمەدا[٧٦]، کۆییەکان ڕەواندز جێدەهێڵن و بە گەلی (مێگر)ی سەردەکەون و دێنە دۆڵی (هەرووتیان) و لە وێشەوە بە دۆڵی خۆشناوەتی دێتەوە کۆیە[٧٧]. ئا بەو شێوەیە کۆتایی بە ژیانی عەلی بەگ دێت کە جێگای مشتومڕ و گفتوگۆ و ڕای جیاوازی لەسەرە ئەمە جگە لەو (چیرۆکانەی) کە باسمان لێوەکرد، بە گوێرەی نویترین سەرچاوە کە باس لە کۆتا ژیانی عەلی بەگ دەکات ئەو زانیاریەیە کە تەحسین ئیبراهیم دوسکی لە گۆڤاری (دیرۆك) لەژێرناونیشانی (سیرە یا خەلکی بەهدینا ژ ئیرشا میری کۆرە د دکۆمینتەکا دیرۆکی دا) کە ئەوە ساغ دەکاتەوە کە میری داسنیان میر عەلی بەگ بەدیل نەگیراوە بەڵکو بەگویرەی ساڵنامەی موسل ساڵی( ١٣١٢ك/١٨٩٤ز) والی موسڵ محەمەد ئینجە بەیرەقدار میر عەلی بەگ و هەندیك لە ئاغای تری لە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ساڵی (١٢٥٤ك/١٨٣٨ز) لە (گری عەرەبا) کوشتووە.هەروەها صدیق دملوجی لە ((الیزدیە)) باس لەوە دەکات، کە دوای هێرشەکەی محەمەد پاشای ڕەواندزی ، عەلی بەگ خۆی بە دەستەوە نەداوە و ڕای کردووە بۆ چیای (العقر) و دواتر دیسان گەراوەتەوە ناو خەڵکەکەی و بەرگری لە شەنگال و ناوچەکانی دەورووبەری کردوە[٧٨]دیلەکانیش هەریەکە و ئاوارەی شوێنێك بوون و تاکو ئێستاش نەوە و بنەچەیان هەرماوە بە شێخانی دەناسرێن کە تێکرا کەسانی کارا و کاسب و مامۆستا و نووسەر و هونەرمەندی باشیان لێهەڵکەوتووە. یەکێك لەوانە هەروەك لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد (حاجی تاهیر ئاغای حەوێزی)[٧٩]یە کە کوڕە گەورەی حاجی بەکر ئاغا بوو لە ژنە ئێزیدیەکەی بەناوی (هێبۆخان). ئەو تاهیر ئاغایە لە دوای مردنی باوکی دەبێتە جێگرەوە و کەسایەتیەکی زۆر گەورە و ناسرا لە کۆیە و بەغدا و شارەکانی تری عێراق دەستێکی باڵای هەبووە لە بازرگانی لەگەڵ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، (میر بەسری) لە کتێبیکەیدا (اعلام الکرد) تاهیر ئاغای بە یەکێ لە پیاوە ناودارەکانی کورد داناوە، بە پێی هەندێ سەرچاوەی ئاگادار فەرمانی بوونە والی بۆ دەردەچێ[٨٠]، کەچی مەرگ بوواری نەدا بەم پایە بگات لە ساڵی (١٣١٨کۆچی) لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات [٨١] .

ئەنجامدانی کومەڵکوژیەکەی میری ڕواندز بو سەر ئێزدییەکانی بادینان بە هەر پاساوێك بووبیت ،بۆتە لاپەڕەییەکی ڕەش لە مێژووی میرنسینی سۆران لە سەردەمی میرە هەرە ناودارو بە تواناکەیدا ، کە بووە یەکێك لە هوکارەنی ڕووخانی میرنیشینەکە.[٨٢]

**تەوەری سێیەم: پەیوەندییەکانی میرنشینی سۆران و سنجاقی کۆیە لە سەردەمی میر محەمەدی ڕەواندزی دا.**

سەرەتای پەیوەندییەکانی میری کۆرە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە کۆیە لە مانگی سەفەری (١٢٤٣ی کۆچی بەرامبەر بە (١٨٢٧ ز) لەلایەن میری سۆرانەوە دەستی بەسەرادا گیراوە و بابانەکان بەبێ شەڕ چۆلیان کردووە و خەڵکی کۆیەش پێشوازیان لێکردووە، بەڵام لەسەرەتای هاتنیانەوە تاکو ڕووخانی میرنشینەکە میرانی سۆران نەیتوانی دەسەلاتێکی ئەوتۆیان بەسەر کۆیەدا هەبێت[٨٣]. چونکە کۆیە توانی بووی خۆی لەگەڵ میرنشینەکانی دەورووپشتی دا بگونجێنێت، هەردەم دەسەلاتی سۆرانیان بە باشتر زانیوە لە دەسەلاتی بابانیەکان، بۆیە کۆییەکان دڵسۆزی خۆیان بۆ میری کۆرە نیشانداوە و ئامادە بووینە بۆ پێشکەشکردنی کۆمەك و هاوکاری لە کاتی فراوانخوازیەکانی میر محەمەدا بوسەر دەسەلاتەکانی دەورویشت.

**حاجی بەکر ئاغای حەوێزی ( ١٧٨٥-١٨٥٣ )**

کاتێك کە میری کۆرە هێرشی بردە سەر ئێزیدیەکانی ناوچەی شەنگال لە ساڵی (١٨٣٢ز) لەسەر داوای میر زۆر لە گەورە پیاوان و دەسەڵاتدارانی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی میرنشینی سۆران، ئامادەیی خۆیان نیشانداوە و چوون بۆ شەڕی ئیزیدیەکان. یەکێك لەوانە کە پێشتر ئاماژەمان پێی کردووە (حاجی بەکر ئاغای حەوێزی) ناسراو بە (قاصید) لە کۆیە[٨٤] ، کە هەم کەسایەتیەکی ناوداری کۆیە و هەم شاعیرێکی بەتوانای سەردەمی خۆی بووە و کۆییەکان گەلێك ڕێزیان لێگرتووە و خۆشیانویستووە و کردوویانە بە سەرداری خۆیان لەبەر دڵسۆزی و خەمخۆری و ئازایەتی ئەو مرۆڤە.

حاجی بەکر ئاغا کوڕی حەوێز ئاغای کوڕی مەلا بەکر ئاغای گەورەیە لە ساڵی (١٧٨٥ز) لە شاری کۆیە هاتۆتە دونیاوە لەلایەن زانایانی ئایینی کۆیە تا پلەی مەلایەتی خوێندوویەتی، لەتەمەنی لاویەتیدا دەبێت کە نەخۆشی لە کۆیە بڵاو دەبێتەوە هەموو کەس و کاری لەناو دەچن، تەنها خۆی و دوو خوشکی نەبێت ڕزگاریان


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەبێت و بە زیندوویی دەمێننەوە، ماڵ و سامانێکی زۆری لە باوکیەوە بۆ بەجێدەمێنێت و بەحوکمی دەوڵەمەندی و حوکومڕانی کۆیەی دەکەوێتە دەست و کەسێکی زۆر دلفراوان و دەست ڕۆیشتوو بووە، خاوەنی بیرێکی ڕووناك بووە، ئەو مال و سامانەکەی باش بەکارهێناوە بۆ خزمەتی خەلکی کۆیە و قەیسەری و مزگەوتی گەورەی کۆیە لە سالی (١٨٤٣ز) ئەو دروستی کردوون تا رۆژگاری ئیمرۆش هەر ماون[٨٥]، ئێستاش مزگەوتی گەورەی شاری کۆیە نوێژی هەینی لێدەکرێت، ئەمە جگە لەوەی حاجی بەکر ئاغا ناسراو بە (قاصید) زۆر گرنگی بە خزمەتگوزاریەکان داوە کە لەسەردەمی ئەودا شاری کۆیە خزمەگوزاری ئایینی و ئەدەب و ڕۆشنبیریدا لەهەموو ڕویەکەوە گەشەیکردووە و پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە دیوە، بۆتە مەڵبەندێکی ئەدەب و ڕۆشنبیر و شاعیر و فەقێ و مەلای زانا ڕوویان تێکردووە. دانیشتنە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی حاجی بەکر ئاغا بوون بە فێرگەی (مدرسە)ی ئەدەب، سیاسەت، هونەر و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی تێیدا بەشدار دەبوون و هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی سوودی لێوەردەگرت[٨٦]. لەسەردەمی باوکیدا کە ناوی (حەوێز ئاغا)بووە پارێزگاری و میوانداری لە ئاورحمان پاشای بابان کردووە لە کاتی هەڵاتنی لە پێش لەشکری شازادەی عەجەم و هاتنی بۆ شاری کۆیە[٨٧]، وە لەسەر داوای میر مەحەمەد پاشای ڕەواندز بە خۆی و لەشکرێکی ئازادی کۆییانەوە بۆ گرتنی قەڵای (سنجار) هاوکاری (میری کۆرە) دەکەن و قەڵاکە داگیر دەکەن[٨٨].

حاجی بەکر ئاغا (قاصید) جگە لە زمانی کوردی، زمانی فارسی و عەرەبی باش زانیووە، پیاوێکی دووربین و هۆشمەند بووە، دیوەخانەکەی هەمیشە پیاوی زانا و شاعیر و گەورە پیاوانی سەردەم بە خۆیەوە بینیووە[٨٩](، کۆشك و تەلارێکی کەم وێنەی لە شاری کۆیە دروستکردووە دوای مردنییشی لە سالی (١٨٥٣ز) (ئەمین ئاغا)ی کوڕی ناسراو بە (ئەختەر) لێ نیشتەجێ دەبێ[٩٠]، کارو باری بنەماڵەی حەوێزییان دەگریتە ئەستۆ.

لەو کات و سەردەمەدا هاوکاری باشی میر محەمەد بۆ هێرشەکەی لە هەرێمی بادینان و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. هەروەها حاجی بەکر ئاغا (قاصید) وەك شاعیرێکی ناودار ستایشی مەحەمەد پاشای کردووە زۆر باش باسی دەکات و بە شان و شکۆیدا هەڵدەڵێت[٩١]. قاصید هاوچەرخی (مەحەمەد پاشای ڕەواندز و ئاورەحمان پاشای بابان بووە)[٩٢] لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیی و شاری کۆیە هەردەم لەگەڵ یەکێك لەم دوو سەرداره کوردە هاوپەیمان بووە، بەڵام ئەوەی لێرە لەلای ئێمە گرنگە ئەوەیە کە حاجی بەکر ئاغا زۆر پشتگیری و ستایشی میری ڕەواندزی کردووە و زۆر بەهەستەوە باسی دەکات لە پێکهێنانی قەوارەیەکی خاوەن سنوور بۆ کورد (دەوڵەتداری)، کە چۆن لەسەردەمی بابانیەکاندا دووچاری شەڕ و وێرانکاری بۆتەوە کەچی لەسەردەمی (میر محەمەد)دا بۆتەوە ووڵات،وەك لەو پارچە شیعرەی (قاصید) دا دەردەکەوێت[٩٣]:

گرچە ویران شدە بود از ستم وجود بابان

ملك سۆران ولی در عهدتو كشور گشتە

واتە: ئەگەر چی لە زوڵم و ستەمی بابانەکان سۆران وێران بوو،

بەڵام لەسەردەمی تۆدا بۆتە ووڵات (کشور).

لێرە بۆمان دەردەکەوێت کە حاجی بەکر ئاغا چەندە خەمخۆر و خولیای دامەزراندنی ووڵاتێکی سەربەخۆ بووە. ئەو پارچە شیعرەش بەڵگەیەکی گرنگە لەسەر میر محەمەد کە چۆن ویستوویەتی هەنگاو بەرەو


p-ISSN (2410-1036)    e-ISSN (2522-7130)

دەوڵەت بوون بنێت. (قاصید) لە بەکارهێنانی ووشەی کیشوەر، نیشانەی نیاز و مەبەستی دەروونی و ئاواتی (میر کۆرە) و (قاصید)یش بووە، کە زۆر باش دەست درێژییەکانی ووڵاتانی ئێران و عوسمانی و ڕووسیایان بۆ سەر میرنشینەکەیان هەست پێ کردووە. حاجی بەکر توانیویەتی هاوپەیمانیەتیەکی باش لەگەڵ میری ڕەواندز پەیدا بکات و زۆر گرنگی بە گەشەپێدانی باری ئابووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و دروستکردنی مزگەوت و قەیسەری و ناردنی فەقێیان بۆ پەروەردە و فێربوون لە شام [٩٤]، لەسەر بنەمای فیکری و زانین کە (قاصید) لەوانەیە لە هەموو کەسی سەردەمی خۆی باشتر نرخی سەقامگیری سیاسی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی زانیبێ و محەمەد پاشای ڕەواندزی بە ((مەهدی)) سەردەم و زەمانی خۆی زانیوە، چونکە ئاسایشی خۆیی و خەڵکەکەی بەهۆی ئەو قەوارەوە بووە کە محەمەد پاشا پێکیهێناوە لە قووڵایی سۆز و غەزەلی عارفانەوە سیلەیەکی چاوی لەوەتەن بووە، زۆر بە وەستایانە ستایشی پاشای کۆر دەکات، باس لە کەسایەتی میر دەکات وەك پاشای پاشاکانی جیهان باسی دەکات:

گر ببینم که به خون دل سوار زده ام
خنجر غمزه ات ای دوست گشته
داد از دست تومن پیش شهی خواهیم برد
كه غبار قدمش افسر و قیصر گشته
انكه در رتبه اجلال غضیمش گویند
پاسیان در او مزهب سنجر گشته
انكه در زید نگین ملك ز تأیید ازل
شش جهت تا بیع و محكوم مقرر گشته
انكه القاب شریفش كه خگیب ملكوت
همه دم زبان زینت منبر گشته
میر میران جهانگیر، محمدپاشا
چون سلیمان به جهان صاحب مغفر گشته

**" ئەگەر ببینم خوێنی دڵی شەیدام بە خەنجەری غەمزەت سوور بووە، داد لە دەستی تۆ دەبەمە لای پادشایەك کە ئەفسەر و قەیسەر بوونەتە تۆزی ژێر پێی، ئەو کەسێکە لە پایەی ستایش و سەنادا زۆر گەورەیە کە پاسەوانانیش دەستە وەستان وەستاون، ئەو کەسێکە وەك ئەنگوستیلەی دەستی پادشایەك تاکو ئەزەل، شەش گۆشەی تابیعی بۆ دیاری کراوە، کە ئەوەندە نازناوی هەیە، مەلاکانی مزگەوتەکانیش لەسەر مینبەرەکان ستایشی دەکەن، پادشای پادشایانیش محەمەد پادشا، وەك سولەیمان پێغەمبەر دەبێتە خاوەنی جیهان"** [٩٥].

لەو شیعرەدا (قاصید) زۆر ڕاشکاوانە باسی ملکەچی ئەفسەر و سپاسالاری ئێرانی و قەیسەری ڕۆمی دەکات و هەموویان دەکاتە تۆزی ژێر پێی میر کۆرەو بەڵگەیەکی مێژوویی بەنرخە لە سەر مێژووی میرنشینی سۆران و هەستی (قاصید)و مەبەستی (میری کۆرە )لەسەر دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد.

ئەگەر پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت لەسەردەمی سەفەویەکان لە ئێراندا لەسەر بنەمای ئایینی (مەزهەبی شیعە) سەری هەڵدابیت، ئەوا پەیڕەوانی ئەو مەزهەبە لەسەر بنەمای باوەڕ بوونیان بە ڕەهبەری


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مەزهەبی کە شا ئیسماعیل بوو (١٥٠١-١٥٢٤) ڕەفتاریان دەکرد[٩٦]، بەڵام حاجی بەکر ئاغا بیرکردنەوەی تەواو جیاوازی هەبوو لەسەر دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، ئەو زۆر ڕاشکاوانە بیر و بۆچوونی خۆی دەردەبڕی بێ ئەوەی کەس ڕاستەوخۆ بریندار بکات. ئەو بەگژ ئەو دەسەڵاتە بیر کۆنە کۆمەڵایەتییە دەچێتەوە کە بە شێوەی هەژموونێك خۆی بەسەر کۆڵگەی سەردەمی ئەودا سەپاندبووە، کە ئەوانیش (زاهید و سۆفی و فەقیە و واعیز و ناسیحن)[٩٧].

حاجی بەکر ئاغای حەویزی هەرچەندە چ وەك کەسایەتیەکی ئازاو ناوداری کۆیە چ وەك شاعیرێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی پاڵپشت و هاوکاری (میری کۆرە)ی کردووە و ستاییشی کردووە و شیعری بۆ نووسیوە و نێوانیان باش بووە، چونکە میری کۆرە ویستوویەتی تەنها حاجی بەکر ئاغا شەڕی ئێزدیان لەناوبچێ، چونکە هیچ کاتیك خۆی بە بچووکی میری کۆرە نەزانیوە. بەڵام دوای بەژداریکردنیان لە هێرشی سەر ئێزدییەکانی بادینان نێوانیان تێکدەچێت و حاجی بەکرئاغا زۆر متمانەو باوەڕی بە میر نامێنێت هەرچەندە بە هانای میری کۆرەشەوە دەچێت و بە شیعر ستاییشی دەکات، وەك مامۆستا تایەر حەوێزی لە (مێژووی کۆیە)دا ئاماژەی بە گێڕانەوەی ڕیش سپیان دەکات و دەنووسێت: پاشای کۆرە جار جار ڕقی لە (حاجی بەکر ئاغای حەویزی) هەڵساوە لەبەر هەر هۆکارێك بووبێت، بۆیە جارێك کە لە دوای دەنێردرێت کە بێتە بارەگای میر لە ڕەواندز کاتێك کە دەچێتە لای لە ڕێگای خەیاڵ دەیباتەوە، یاوەرەکانی پێی دەڵێن بۆچی وا گۆڕاوە و تاساوە ئایە دەترسی؟ ئەویش وەڵام دەداتەوە دەڵێ: (نا بەسەری کاکتان ناترسم، بەڵام من گەمەی خۆمم کرد و ناجیح بووم)، پاشان لەگەڵ (حاجی عەباسی داوودی) بە شیرەوە دەچنە لای میری کۆرە و پێی دەڵێ: (بیستوومە مەحەبەتت لەگەڵ بابانەکانە؟) حاجی بەکر ئاغاش دڵی میر دەداتەوە و پێکەوە لە خیوەتەکەی دێنە دەرەوە و موو بە نێوانیان ناچێت.. کاتێك کە دێتە کۆیە لە ڕێگا بە پیاو و دۆستەکانی دەڵێ: (بەخوای ئەگەر بمزانیبایە ئیشی کوردان سەردەگرێت ئەمنیش لەوانە کەمترنیم، کە دوای حوکمڕانی دەکەون، بەڵام کوردەکان لەگەڵ یەك ڕاست نین. وە حوکومڕانیەتی ئاسانە، ڕاگرتنی گرانە!)[٩٨]. حاجی بەکر ئاغا لە ساڵی (١٨٥٣ز) کۆچی دوایی دەکات و نۆ کوری لە پاش بەجی دەمینێ، کە گەورەکەیان ئەمین ئاغا ناسراو بە(ئەختەر) دەبیت، کە مروفێکی ئەدەب دوست و شاعیرێکی بە توانا بووە و لە ساڵانی (١٨٣٩-١٨٨٨) ژیاوەو پیاوێکی گەورەو ناسراوی سیاسی و کارگێڕی بووە و دەستێکی باڵای هەبووە لە بووژاندنەوەو نوێکردنەوەی هونەری مەقامی کوردی و دیوەخانەکەی هەردەم جێگەی کوڕو کوبوونەوەی شاعیرانی وەك حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانرویی و حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادە وشیخ رەزای تالەبانی بووە.[٩٩]

دەسەڵاتی میری کۆرە لە کۆتاییەکانی (١٨٣٦) هێدی هێدی ڕووەو لاوازبوون دەچێت، بەهۆی ئەو سیاسەتە توندوتیژییەی کە پەیرەوی دەکرد دژ بە خەڵکانی دەوروپشتی نەبوونی (شەعبییەتی) میری کۆرە دۆستی باشی بۆ عوسمانییەکان پەیداکرد کە ڕاستەوخۆ لە تەك سوپای عوسمانیدا شەری میری کۆرە و سوپاکەی بکەن[١٠٠] کە دەنگی نارەزایەتیان گەیاندبووە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی[١٠١] لە لایەك و هێرش و گەمارۆدانی عەلی ڕەزای والی بەغدا لەلایەکی ترەوە ببونە هۆی ئەوەی کە میری کۆرە متمانە و هاوکاری خەڵکی لەدەستدابوو، هەرچەندە میر پارێزگارییەکی باش لە دەسەڵاتەکەی بۆ ماوەیکی باش دەکات، بەڵام لە کۆتایی دا لەسەر بەڵێنی ڕەشید پاشای والی سیواس خۆی دەدات بەدەستەوەو ڕەوانەی ئەستەنبوڵ دەکریت و کۆتایی بە دەسەڵاتدارییەتی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

میر نیشینی سۆران دیت [١٠٢] و پەیوەندییەکانی کۆیە و میرنیشینی سۆرانیش دەپچڕیت و کۆیە دەکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی بابانەکان تا ئەو کاتەی لە ساڵی (١٨٤٣ز) هێزەکانی ئەحمەد پاشای بابان بەرامبەر بە لەشکری عوسمانییەکان دەشکێت وکۆیەش ڕاستەوخۆ دەکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە.[١٠٣].

## دەرەنجام

١. میر محەمەدی ڕواندزی، تاکە میری دیار و بەناوبانگی میرنشینی سۆران بووە ، کە سنووری دەسەڵاتەکەی زۆر فراوان بووە و نێوان هەردوو زێی گەورە و بچووك گرتۆتەوە.

٢. بە سوود وەرگرتن لە شەڕ و ئاژاوەکانی نێوان روسیا و دەوڵەتی عوسمانی لە لایەك و لاوازی و ناکۆکی نێوان میرنشینە کوردیەکان لە لایەکی ترەوە ، لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا توانی سنوری دەسەڵاتەکەی بگاتە لووتکە و بووە تاکە دەسەڵات لە کوردستاندا.

٣. لە دوای نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەوە ، میرە سۆرانیەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە کۆیە نەگێراوە و نەبووە، کۆیە نیمچە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، کە ببووە بە پاشکۆی ناوچەی نشینگەی پاشایەکی کوردی سەر بە ویلایەتی بەغدا .

٤. لاوازی میرەکانی بادینان و خواستی میری سۆران بۆ فراوانخوازی و دەمارگیری ئایینی وای لە میری کۆرە کردووە خەڵکی ئێزدی بادینان کۆمەڵ کوژ بکات، کە ئەمەش تەنها بیانوویەك بووە بۆ داگیرکردنی دەڤەری بادینان، کە (میری کۆرە) دەمێك بوو خولیای داگیرکردنی لە مێشك دا بوو .

٥. بیروڕلو سەرچاوەی جیاواز هەیە دەربارەی چارەنوسی میر علی بەگی داسنی دیکۆمێنتێکئەوە دەسەلمێنێت کە لە لایەن میر محەمەدەوە بەدیلی نەگیراوەو نەشکوژراوە، بەڵکو بە گویرەی ساڵنامەی موسڵی(١٨٩٤ز) میری داسنیان لەلایەن والی موسلەوە محەمەد ئینجە بەیرەقدارەوە لە سالی ١٨٣٨ ز کوژراوە.

٦. حاجی بکر ئاغای حەوێزی کەسایەتیەکی ئازا و بە توانای شاری کۆیە بوو، شاعێرێکی بە ناوبانگیش بوو نازناوی شیعری (قاصید ) بووە و شیعری بە زمانی فارسی نووسیوە. هاوسەردەمی محەمەد پاشای ڕواندزی و ئاوڕەحمان پاشای بابان بووە، لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆی و شاری کۆیە هەردەم لەگەڵ یەکێك لەم دوو سەرداره کوردە هاوپەیمان بووە.

٧. لە شیعرەکانی حاجی بکر ئاغای حەوێزی، هەستی بەرزی نەتەوایەتی و خواستی میری کۆرە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ ڕەنگی داوەتەوە و شیعری لەسەر میهرەبانی و گەورەیی پاشای کۆرە نووسیووە و ستایشی کردووە.

٨. پەیوەندیەکانی حاجی بکر ئاغا و میری سۆران دوای سالانی١٨٣٦ی هێدی هێدی ڕووی لە لاوازبوون کردووە و کۆیە بۆ جارێکی تر کەوتۆتەوە ژیر دەست هەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیەوە .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پەراویز و سەرچاوەکان

١. صديق محمد صالح، سەرجەمی بەرهەمی محمد امين زكی بگ، ب١،سليمانی، ٢٠٠٦، ل١٨٩

٢. حوسين حوزنی موكريانی، ميژووی ميرانی سۆران، چ١، هەولير، ١٩٦٢، ل٤

٣. د.كاوس قەفتان ، چەند ليكولبنەوەيەك لە ميژووی بابان. سۆران..بۆتان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥، ل٤٣

٤. مغديد حاجی امين، كەسايەتی مير محمد رەوانـدزی و ديـاردەی توندوتيـژی لـە فەرمانرەوايەتيـدا(١٧٨٤-١٨٣٧)، گۆڤاری ئەكاديمياى كوردی، ژمارە (٣٧)، ل٣٢٦

٥. (ديلزە) گوندیكی دەفەری بالەكايەتيی يە وسـەر بـە قـەزايی چۆمانە.بـۆ زانيـاری زيـاتر بروانـە:مـەلا خاليـد فريزی ، ميرنشينی سۆران، مير سولەيمان بەگ و خانزاد، هەولير، ٢٠٠١، ل٢٢

٦. شەرەفخانی بەتليسی ،شەرەفنامە، و: هەژاری موكريانی، چ٣، هەولير، ٢٠٠٦، ل٣٣٧

٧. فتح الله احمد گەورەی، شاری ڕواندز و دۆلی ئاكۆيان و گەرەوان، هەولير، ٢٠٠٨، ل٤٤

٨. گونـدی (جۆلـە مـيرگ) گونديكە نزيكـەی (٤)كـم لـە ناحيـەی خەليفانـەوە دوورە . بـۆزانيری زيـاتر بروانـە : حوسين حوزنی، ميژووی ميرانی سۆران، چ٢، چاپخانەی كوردستان، هەولير ١٩٦٢، ل٢٥.

٩. جمـال نـەبـەز، الامـير الكـردي مـير محمـد الرِواندزي، ت : فخـري سلاحشـور، ط٢ ، مطبعـة وزارة التربيـة، مـن منشورات دار اراس ، هولير ،٢٠٠٣ ، ص٤٧

١٠. حوسين حوزنی، س.پ، ل٢٨

١١. جمال نەبەز، م.س، ص٥٣

١٢ (ئاكۆيان) گونديكی خۆشی دۆلی ئاكۆيانە ،كەوتۆتە باشووری ڕۆژهەلاتی شاری ڕەواندوزەوە بە دووری (٧)كم، بۆ زانيری زياتر بروانە: جمال نەبەز، م.س، ص ٥١

١٣. هەمان سەرچاوە، ص٥٢

١٤. جـەليلی جـەليل، كوردەكـانی ئيمپراتوريـەتی عوسمـانی،و: كـاوس قـەفتان ، چ١ ، دەزگـای ڕۆشـنبيری كـوردی، بەغدا، ١٩٨٧ ، ل ٢٣١

١٥. هەمان سەرچاوە، ل١٣٦

١٦. (هاوديـان) كـۆنترين گونـدی دەڤـەری سـۆرانە ،كەوتۆتـە بـاكووری ڕۆژئـاوای شـاری ڕەوانـدزەوە .علـی سـيدو الگورانی، من عمان الی العماديه، ط٢، مطبعة اراس، اربيل ، ص١٣٨.

١٧. جەليلی جەليل، س.پ، ل١٣٨

١٨. (ڕۆستی) گونديكی گەورەيدەڤـەری بالەكاييـەتی يە،كەوتۆتـە دامـينی چيای حەسارۆسـت ،بـەدووری (١٨)كـم ، كەوتۆتە باكووری ڕۆژهەلاتی شاری ڕواندزەوە. بروانە: فتح الله احمد گەورەی، هە مان، س.پ، ل٤٤.

١٩. جمال نەبەز، م.س، ص٨٩

٢٠. حوسين حوزنی، س.پ، ل٣١٣٨ ؛ جمال نـەبـەز،م.س ، ص٨٩

٢١. جمال نەبەز، م. س، ص٨٩


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢٢ حوسین حوزنی، س.پ، ل٤٢-٤٣
٢٣. جمال نەبەز، م.س، ص٧٢-٧٣
٢٤ کامران جمال بابان، میرنشینی سۆران، چاپی یەکەم، هەولیر، ١٩٨٨، ل٤٢
٢٥. جیمس بیلي فریزر،رحلة فریزر الي بغداد، ت: جعفر خیاط ، ط٢، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٤، ص٢٤ ؛ جمال نەبەز، م.س، ص٧٢
٢٦. سەعید بەشیر ئەسکەندەر،سەرهەلدان و رووخانی سستەمی میرنشینی لە کوردستان، چ١، چاپخانەی داناز، سلیمانی ، ٢٠٠٤، ل٢٠٤
٢٧ جمال نەبەز، م.س، ص٧٣ ؛ عبدالرقیب یوسف، نامەیەکی محەمحد پاشای ڕواندزی، گۆڤاری میرگ، ژمارە (٥) سالی یەکەم ٢٠٠٠، ل٢
٢٨.(مەلیخا) لەلایەن (میزا محەمەد)ی باش کاتبی میر محەمەدەوە نوسراوە، کارو چالاکییەکانی میری سۆرانی بە شیوەی هەلبەست بە زمانی فارسی تیدا تۆمارکراوە، بروانە: جەلیلی جەلیل، س.پ، ل١٤٩ ؛ حوسین حوزنی، س.پ، ل ب.
٢٩. جمال نەبەز، م.س، ص ٧٦
٣٠. جمال نەبەز، م.س، ص ١٣٢ ؛ سەعید بەشیر، س. پ، ل ٢٠١
٣١. حوسین حوزنی، س.پ، ل٦٤
٣٢. هەمان سەرچاوە، ل٦٤
٣٣. جەلیلی جەلیل، س.پ، ل١٥٢
٣٤. سەعید بەشیر، س.پ، ل١٧٤
٣٥. ن.ا.خالفین، خەبات لە رێ ی کوردستان، و: جەلال تەقی، چ١، چاپخانەی راپەرین، ستیمانی، ١٩٧١ ، ل٦٥
٣٦.دیڤد ماکداول، میژووی هاوچەرخی کورد،و: ئەبەبەکر خۆشناو، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولیر، ٢٠٠٥، ل ٧٩
٣٧. کامران جمال، س.پ، ل٤٦
٣٨. مغدید حاجی، س.پ، ل٣٢٢
٣٩. جەلیلی جەلیل، س.پ، ل١٨٧
٤٠. کەریم شارەزا، نازم حەویزی، عوسمان مستەفا خۆشناو، مەجید ئاسنگەر، کۆیە لە رەوتی شارستانیەتدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولیر ٢٠٠٩، ل١٠ ؛ تایەر ئەحمەد حەویزی، میژووی کۆیە، ب١،چ٢، چاپخانەی کاروان، هەولیر، ٢٠٠٧، ل٢٣.
٤١. (چنارۆك) هاوینە هەواریکی خۆشی شاری کۆی یە، کەوتۆتە دامینی چیای هەیبەت سولتانەوە لە لای رۆژهەلاتەوە.
٤٢. تاهیر ئەحمەد، س.پ، ل٢٤
٤٣. امین زکی بەگ، میژووی کوردو کوردستان، ب٢، ت: محمد علی عونی، القاهیرە، ١٩٤٥، ص٣-٤
٤٤. کەریم شارەزاو ئەوانی تر، س.پ، ل١١.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤٥. امين زكى بگ، تاريخ السليمانيه وانحائها، ت: محمد جميل روژبەيانی، گ٢ ،٢٠٠٢ ،ص ٦٨ ؛ تاهر ئەحمەد، س.پ، ل٤٥.

٤٦. هەمان سەرچاوە، ل٦٩

٤٧. ئەحمەد دلزار ، پاشكۆی بیرەوەریەكانم، چ١، هەولیر، ١٩٩٨، ل١٣.

٤٨. هەمان ،سەرچاوە، ل ٦٥، ١٣ .

٤٩. كەريم شارەزا، لمحة من تاريخ كويسنجق و انحائها، مجلة (زاگروس) الثقافية، العدد،٣، ايلول، ١٩٩٧، ص٣٢.

٥٠. كەريم شارەزاو ئەوانی تر، س.پ، ل١٠٤.

٥١. حوسين حوزنى، س.پ، ل٣٦

٥٢. مەلا يحيای مزووری مامۆستاو زانايەكی ئايينی دەڤەری مزوريان بووەوهاوەليكی نزيكی مەلا محەمەدی خەتييش بووە، رۆليكی گرينی گيراوە لەهەلگيرساندنی هيرشەكەی ميری كۆرە بۆسەر ميرنشينی بادينان، بوزانياری زياتر بروانە: عبدالفتاح علي البوتاني، الملا يحي المزوري وسقوط امارة بادينان، مجلة كاروان، العدد ٤١، اربيل، ١٩٨٦ ؛ مغديد حاجي، س.پ، ل٣٥٨.

٥٣. (عەلی بەگ) كوری حەسەن بەگ كوری چۆلۆبەگ ، ميری ميرنشينی شيخان بووە. زۆر لە سەرچاوە ميژووييەكان ئاماژە بە گرتن و كوشتنی دەكەن لە لايەن لەشكری مير محەمەدی ڕواندزی يەوە لە سەر موسولمان نەبوونی ، بەلام بە گويرەی دۆكۆمينتی سالنامەی موسل سالی (١٨٩٤ز) ساغ بۆتەوە كە عەلی بەگ لەلايەن والی موسل محەمەد ئينجە بەيرەقدارەوە لە سالی (١٨٣٨ز) كوژراوە. بۆ زانياری زياتر بروانە : تەحسين ابراهيم دۆسكی ، سێرەيا خەلكی بەهدينا ژ ئيرشا ميرێ كۆرە د دۆكۆمينتا ديرۆكيدا، گۆڤاری ديرۆك، ژمارە ٧ زستانی ٢٠١٥ ، ل١٣٨ .

٥٤. صديق دملوجى، اليزيديه، ط٢، د.م، ٢٠١٠، ص٥٦٦-٥٦٧ ؛ جمال نەبەز، م.س، ص١٣٤

٥٥. صديق دملوجى، م.س، ص٥٦٩

٥٦. كەريم شارەزاو ئەوانی تر، س.پ، ل٧١ ؛ تاهير ئەحمەد، س.پ، ل٩٨.

٥٧. ميری كۆرە دەيويست لە شەری ئێزدييەكان ،حاجی بەكر ئاغا شكست بينيت و بفەوتيت، چوونكە بەگشتی نەدەچووە ژير فەرمانەكانی ميرەوە و هەرچەندە سەرداری كۆييان بەدەم داواكارييەكەی ميری كۆرەوە هات بۆ گرتنی ژەنگال. بروانە تاهير ئەحمەد، س.پ، ل٩٨

٥٨. عەلی خەزنەدار، كوردو فەرمانرەوايەتی، چاپخانەی كارۆخ،سليمانی، ٢٠١٥، ل٢١٣ ؛ سەعدی عوسمان هروتی، كوردستان والامبراتورية العثمانية ط١، مطبعة خانى، ٢٠٠٨ ، ص١٩٢.

٥٩. كەريم شارەزاو ئەوانی تر، س. پ، ل٧١ ؛ عەلی خەزنەدار، س.پ، ل٢١٣.

٦٠. تاهير ئەحمەد، س.پ، ل٩٦.

٦١. صديق الدملوجى، م. س، ص٥٦٨

٦٢. كەريم شارەزاو ئەوانی تر، س.پ، ل٧٢.؛ عەلی خەزنەدار، س.پ، ل٢١٣

٦٣. كەريم شارەزاو ئەوانی تر، س.پ، ل٧٢.

٦٤. تاهير ئەحمەد، س.پ، ل٩٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٦٥. کەریم شارەزاو ئەوانی تر، س.پ، ل١٥٦.

٦٦. ئەحمەد دلزار، س.پ، ل١٥.

٦٧. تاهیر ئەحمەد، س.پ، ل٩٩.

٦٨. هەمان سەرچاوە، ل٩٩.

٦٩. چاوپیکەوتن، لە گەل حاکم نازم حویزی لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠١٦، لە هەولیر. ناوبراو لە ١٩٣٨ لە کۆیە لەدایك بووەو دوای تەواوکردنی قۆناغەکانە خویندن و وەرگیرانی لە کۆلیجی ماف لە بەغداو وەرگرتنی بروانامە لە زۆر لە شارەکانی کوردستان دەبیت بە دادوەر وەك شەنگال و پینجوین و سلیمانی و هەولیر.

٧٠. ئەحمەد دلزار، س.پ، ل١٥.

٧١. تاهیر ئەحمەد، س.پ، ل٩٩

٧٢. هەمان سەرچاو، ل٩٨ ؛ جەلیلی جەلیل، س.پ، ل١٥٦.

٧٣. صدیق الدملوجی، م.س، ص٥٧٣.

٧٤. احمد الورتی، م.س، ص١٣.

٧٥. خانزاد خاتوون، ئافرەتیکی زیرەك و ئازابووە،لەدوای کوژرانی براکەی(سلیمان بەگ)لە لایەن والی بەغداوە لە ٩٩٩کۆچی، بۆتە جینیشین و دەسەلاتی میرنیشینی سۆرانی وەرگرتووە کە ئەوکاتە پایتەختەکەی (هەریر) بووە. بروانە: جەمات نەبەز، المصدر السابق، ص١٢٤.، احمد الورتی، م.س، ص١٠.

٧٦. تاهیر ئەحمەد، س.پ، ل٩٩.

٧٧. هەمان سەرچاوە، ل١٠٠.

٧٨. تحسین ئیبراهیم دوسکی، ، س.پ، ل١٣٨ ؛ صدیق الدملوجی، م.س، ص٥٧٣.

٧٩. (تاهیر ئاغای حاجی بەکر ئاغای حویزی) : کوری حاجی بەکر ئاغای حەویزیە لە ژنە داسنیەکە (هیبۆ) کە دواتر دوای کردنی بە موسولمان ناوی کراوە بە (دایە خەجی) و خوشکی عەلی بەگی داسنی میری ئیزدیان بووە. پیاویکی زیرەك و بە توانا بووە ماوەیەك دەبیتە سەرۆك شارەوانی بەغدا و بەپیی هەندیك سەرچاوە فەرمانی بوونە والی بۆ دەردەچی،بەڵام لەبەر مەرگی ناوەختەی لە تەمەنی (٥٨) سالیدا کۆچی دوایی دەکات و محەمەد تەیب ئاغای کوری شوینی گرتۆتەوە. بروانە: کەریم شارەزا، س.پ، ل١٥٦ ؛ ئەحمەد دلزار، س.پ، ل١٥.

٨٠. عبدولخالق عەلائەدین، س.پ، ل٢٧.، ئەحمەد دلزار، س.پ، ل١٥.

٨١. عبدولخالق عەلائەدین، س.پ، ل٢٧.

٨٢. مغدید حاجی، س.پ، ل٣٥٣..

٨٣. کەریم شارەزاو ئەوانی تر، س.پ، ل٧٠-٧١

٨٤. هەمان سەرچاوە، ل٢٣٦ ؛ ئەحمەد دلزار، س.پ، ل١٥.

٨٥. کەریم شارەزاو ئەوانی تر، س.پ، ل٢٢٦ ؛ ئەحمەد دلزار، س.پ، ل١٤.

٨٦. شوکور مستەفا و رحیم سورخی، دیواتی قاصد، هەولیر، ٢٠٠٨، ل٣٦.

٨٧. عەبولخالق عەلائەدین، س.پ، ل٩.

٨٨. تاهیر ئەحمەد، س.پ، ل٩٨.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٨٩. کەریم شارەزاو ئەوانی تر، س.پ، ل٢٣٦.

٩٠. (ئەختەر) ئەمین ئاغا کوری حاجی بەکر ئاغای حەویزییە ،لەسالی (١٨٣٩ز) لە شاری کۆیە لە دایك بووە و پیاویکی ناودارو شاعیریکی هەست ناسکی سەردەمی خۆی بووە ، هاوسەردەمی هەردوو شاعیری ناودارو گەورەی کوردان (حاجی قادری کۆیی و شیخ رەزای تالەبانی) بووە لە سالی (١٨٨٨ز) لە تەمەنی پەنجا سالیدا کۆچی دوایی کردووە. بروانە: کەریم شارەزاو ئەوانی تر، سەرچاوەی پیشوو، ل١٥٥ ؛ ئەحمەد دلزار، س.پ، ل١٦-١٧.

٩١. شوکور مستەفاو رحیم سورخی، س.پ، ل١٠.

٩٢. کەریم شارەزا، کۆیەوشاعیرانی ، ب١، بەغدا ، ١٩٦١، ل١٤

٩٣. شوکور مستەفاو رحیم سورحی، س،پ. ل١٠

٩٤. عەبدولخالق عەلائەدین، س.پ، ل١٠

٩٥. شوکور مستەفا، س.پ،ل١٢

٩٦. حسن کریم الجاف ، الوجیز في تاریخ ایران، ج٣، دار اراس، ط٢، اربیل، ٢٠٠٨، ص١٢.

٩٧. هەمان سەرچاوە، ل٣٨

٩٨. تاهیر ئەحمەد، س.پ، ل١٠١

٩٩. عەبدولخالق عەلائەدین، کۆیەوناودارانی، کوردوستان ٢٠٠٤، ل٢٢

١٠٠. جمال نەبەز، م.س، ص١٦٠.

١٠١. تەحسین ئیبراهیم دوسکی. س.پ، ل٧٣

١٠٢. م.س.لازاریف ، میژووی کوردستان، و: هۆشیار عبدللە سەنگاوی، چ٦، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولیر، ٢٠١٥، ل١٩٩.

١٠٣. تاهیر ئەحمەد، س.پ، ل١٠٤


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## الملخص

**العلاقات بين إمارة سوَران و مدينة كويسنجق في عصر الامير محمد الرِواندزي**

أمارة سوران واحدة من إلامارات الكردية القديمة لكوردستان الجنوبية ولها اهمية تاريخية كبيرة وقد وقعت في المنطقة الواقعة بين نهري الزاب الكبير و الزاب الصغيرمما جعلها محط اهتمام الكتاب والباحثين إذ فاقت نظيراتها في البحوث و الكتابات عنها، وهذا الاهتمام لم يكن بوصفها إمارة فحسب بل لانها مارست دورا متميزاً في النصف الأول من القرن التاسع عشر إذ سيطرت على مساحات شاسعة من كردستان الدولة العثمانية وكانت قريبة من تأسيس دولة كبيرة مثل أمارة بوتان في عهد أميرها بدرخان بك. كما أن اسم سوران له تاريخ قديم أيضاً و هو أقدم بكثير من تاريخ تأسيس الأمارة نفسها و كذلك من الأمير محمد الرِواندزي المعروف ب (الأمير الأعور أو الباشا الكبير) مع انه كان آخر الامراء في هذه الأمارة إلا أنه يعتبر أحد أقوى الأمراء على مر عصور تاريخ هذه الأمارة.

تبحث هذه الدراسة العلاقات بين مدينة كويسنجق و أمارة سوران في النصف الأول في القرن التاسع عشر إذ انه من المعلوم أن الأمير محمد الرِواندزي و بمساعدة بعض الشخصيات و الأعيان في نواحي إمارة سوران استطاع أن يوسع رقعة إمارته على حساب الأمارات الاخرى ولا سيما إمارة بادينان، وسلط البحث أيضاً الضوء على المجازر التي ارتكبت في عهده بحق الإزديين في سنجار بمساعدة ومساندة حاجي بكر اغآ.

أما الهدف من البحث فهو عرض العلاقات بين أمارة سوران و مدينة كويسنجق في عهد الامير محمد رِواندزي من خلال بيان دور ومكانة الشخصية المعروفة في كويسنجق في تلك الفترة حاجي بكر اغا حويزي الملقب ب (قاصيد) وعلاقاته مع الامير محمد و كذلك الدعم الذي تلقاه منه لتأسيس كيان كوردي مستقل حيث كان لتلك العلاقات و ذلك الدعم دور كبير في انتصارات الامير محمد ، واتضح ذلك لنا من خلال قصائده الشعرية التي ابدي من خلالها ولاءه و دعمه للأمير محمد، لذلك تعتبر تلك الاشعار بمثابة وثيقة تاريخية مهمة لتبيان حقيقة تلك العلاقات المذكورة.



## Abstract

**The relationship between Soran Emirate and Koya in the era of Prince Muhammad Rwanduzy.**

Soran Emirate was one of the ancient Emirates in south of great Kurdistan which had a historical role , which located between greate and small zap. In this perspective, researchers did many studies about it because it varies from other Emirates in terms of financial, political, social, and geographical.

The name of Soran has its own historical background even its. Elder than soran Emirate. king Muhammad who was known as ( miri kora) found the Emirate and empowered his rule to Botan Emirate from north small zap in south.

This study indicates the relationship between Koya and Soran Emirate in the first half of nineteenth century. king Muhammad could spread his power to far areas in Badinan, as well as presenting the massacre that happened to Ezidies in Shingal.

The aim of this study is to show the personal relationship between (Haji Bakr Agha Hawezy) known as (Qasid) in koya with king Muhammad Rawanduzy. Haji Bakr had a vital role in supporting Soran Emirate and establishing a great Kurdish entity. This has clearly shown in his poems that he strongly support king Muhammad.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)